# گۆڤاری تیشک:
# خەباتی ژێرزەمینیی سامیزداتێک لە کوردستانەوە

شاهۆ زەنگەنە

”

لە ڕوانگەی زاڵ بەسەر گۆڤاری تیشکدا، کوردایەتی ئایدیۆلۆژییەکی دژەکۆلۆنیالیستییە کە تیایدا بەرەوڕووی هەر جۆرە ستەمێک دەبێتەوە کە مرۆڤی کورد دەکاتە بندەست و خاکی کوردستانی لە ڕێگەوە داگیر دەکرێ. لە هەمان کاتدا کوردایەتی بە پرسەکانی دیکەی وەکوو چینایەتی، جێندەری، ژینگەیی و ئایینی جومگەبەندی کراوە و نرخەکانیان لەگەڵ پرسی نەتەوەیی هاوئاهەنگ بووە.

“

*پێشکەشە بە هاوڕێی پێشمەرگەم:*
*ناسر مورادی*

## پێشەکییەکی مێژوویی

بە نەمانی یەکیەتی سۆڤییەت وا گومان دەکرا چیتر باوی ئەو گۆڤارە نهێنییانە نەماوە کە مەکۆی دەنگی ئازاد و دژبەری ئایدیۆلۆژیی فەرمیی دەوڵەتێک بن. چونکە لە زۆربەی دیموکراسییەکاندا هەوڵ دراوە، ئەگەرچی بەرواڵەتیش بێ، لەگەڵ بیروکە جیاکاندا هەڵ بکرێ و لە هەمان کاتیشدا بە هاتنە ئارای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بلاگە سیاسییەکان بەرەبەرە دەوری گۆڤارە نهێنییەکان کەم و کەمتر دەبووەوە. بەڵام لەم ساتەوەختەدا کە هەست دەکرا نووسین وەک کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لانیکەم لە چوارچێوەی گۆڤاردا بەهایەکی ئەوتۆی نەماوە، گۆڤاری تیشک لەدایک دەبێتەوە و لە فەزای ڕۆشنبیریی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەرگرییەکی نوێ لە بیری کوردایەتی دەکا. ئەگەرچی ئەم گۆڤارە لە لایەن دەزگای پەروەردەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەردەچێ، بەڵام کاتێک سەیری نووسەران و خوێنەرانی گۆڤار دەکەین بۆمان دەردەکەوێ گۆڤاری تیشک زیاتر لە گۆڤارێکی ژێرزەمینی دەچێ و هەڵگری تێگەیشتنێکی ڕادیکاڵ بۆ ڕزگاری کوردستان و سڕینەوەی ستەم لەسەر مرۆڤی کوردە.

گۆڤاری تیشک بەو مانایە بڵاوکراوەیەکی ژێرزەمینییە چونکە بەشێکی بەرچاو لە نووسەران، وەرگێران و هاوکارانی ئامادەکاری گۆڤار (بەشەکانی هەڵەچنی، دیزاین، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سایت) بە ناوی خوازراو لەگەڵ گۆڤار هاوکاری دەکەن. هەروەها نووسەران و هاوکارانی دیاسپۆراش ڕەنگە بە قورساییەکی زیاترەوە ئەو دەستەیە پێک دێنن کە لەبەر کێشەی سیاسی لە زێدی خۆیان ئاوارە بوون و لە ڕێگەی نووسینەوە دەیانەوێ دەلاقەیەک بۆ ڕزگاری کوردستان بکەنەوە. بەشێک لە نووسین و ئامادەکارییەکان لە ئەستۆی پێشمەرگەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. جێی ئاماژەیە ئەگەرچی تێکنۆلۆژیی نوێ توانیویەتی بەربەستەکانی گۆڤارێک بە شێوەی چاپکراوە تێپەڕێنێت، بەڵام بێگومان نوسخەیەکی کاغەزی لە گۆڤاری تیشک، ئەگەر لە ڕۆژهەڵات دەست کەوێ، دەبێ لە کتێبخانەی ناو ماڵەکاندا بشاردرێتەوە و بەشێوەی نهێنی و زۆر بەدژواری بڵاو بکرێتەوە.

ئەگەر سەرەتا بیر لە جۆرێک گۆڤاری نهێنی بکەینەوە کە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بە ناوی سامیزدات ناسراوە، بۆمان دەردەکەوێ چالاکی ئەم جۆرە گۆڤارانە زیاتر بۆ قۆناغی شەڕی سارد و لە ناو وڵاتانی سوسیالیستیی بلۆکی ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوە. لە ژێر هێژمونی بیرۆکەی زاڵی یەکیەتی سۆڤییەتدا هەر جۆرە نووسینێک دەبوایە بە ژێر سانسۆردا تێپەڕابا و هەر ئەم دۆخە داخراوە جێیەکی بۆ هەناسەدانی بیرۆکەی جیا و ئازاد نەدەهێشتەوە. سامیزدات (Samizdat یا Samesbyaizdat) بە مانای وەشانخانەی تایبەت بەخۆ دێت و لە بەرانبەر وشەی ڕووسیی گۆسیزدات (Gosizdat) دانراوە کە واتای وەشانخانەی دەوڵەتی هەیە. لە ڕاستیدا، بە گۆڕینی پێشگری گۆس (gos) کە کورتکراوەی دەوڵەت یا حکومەتە بە پێشگری سام (sam) کە واتای "خۆ"ی (self) هەیە، نیشان دەدرا کە لە جیاتی دەوڵەت، "من" ئەو کەسەیە کە مافێکی بنچینەیی هەیە و ئازادە چی بخوێنێتەوە و بنووسێ و، چۆن بیر بکاتەوە.[١] ئەو گۆڤارانەی کە بە شێوەی نهێنی لە بلۆکی ڕۆژهەڵات بڵاو دەبوونەوە، بێگومان کاریگەرییەکی گرنگیان لەسەر بیچمگرتنی فکری دژبەرانەدا هەبووە. ئاشکرایە، کاریگەری پیشەسازی چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێب بە سەر شۆڕشەکاندا بۆ سەدەکانی ڕۆشنگەری و شۆڕشی فەرانسەش دەگەڕێتەوە. واتە هەر لە قۆناغی ڕۆشنگەرییەوە بیرۆکەکان لە ڕێگەی پیشەسازیی چاپ و وەشانخانەکانەوە دەگوازرانەوە و کاریگەریان لەسەر فکر و ڕەفتاری مرۆڤەکان دادەنا.[٢]

لــە کۆتاییەکانی دەیــەی ١٩٥٠ بەدواوە تا ڕووخانی سیستەمی سیاســی ئابووری یەکیەتی سۆڤییەت دەیان گۆڤاری دژبەرانەی ئایدیۆلۆژیی فەرمی لە ئەورووپــای ناوەندی و ڕۆژهەڵات بڵاو دەبوونەوە. لە توێژینەوەیکدا بە ناوی دەنگەکانی ئازادی: سامیزدات بەشــێکی گرنگ لە ئارشیڤی ئــەم گۆڤارانە کــە لە لایەن ڕادیــۆی ئازادی لە مونیخ کۆکراوەتەوە، شیکاریان بۆ کراوە. لە کۆی ٦٦٠٧ بابەت کە پۆلینبەندییان بۆ کراوە، ٥٤٩٠ بابەت پێش لە دەســەڵاتی گۆرباچۆف نووسراون. ئەگەر سەیری دابەشکاریی بابەتیانەی ئەم وتارانە بکەیــن زیاتر ئاگاداریی ئــەو بیرۆکانە دەبین کە لەو ســەردەمەدا هاندەری نووسەران بوون تا لە دەرەوەی ئایدیۆلۆژیی "ڕێیالیزمی سوسیالیستی" (کە وەک ڕوانگەی فەرمیی یەکیەتی ســۆڤییەت سەبارەت بە سیاسەت، هونەر، ئایین و ئەدەبیات ســەیر دەکرا) بنووســن و لە دەرەوەی دەزگای سانسۆردا بیرۆکەکانی خۆیان بڵاوی بکەنەوە.

لە کــۆی ئــەو وتارانەی کە بە پشــتگیری کتێبخانــەی کۆنگــرەی ئامریــکا لە ئارشــیڤی ڕادیۆ ئازاددا تۆمار کراون ســێ مزاری سەرەکی نایسۆنالیزم، ئایین و سیاسەت زۆینەی وتارەکان لەخــۆ دەگــرن. لەوانــدا ١٧٪ (٩٩٣ بابەت) بۆ بابەتی ناسیۆنالیســتی تەرخان کراون کە تیایدا ناســیۆنالیزمی جــووەکان (٣٩.٢٪)، ئوکراینــی (٢٣٪) و تارتارەکانــی کرایما (١١.٨٪) زیاترین بەشــی وتارەکانیان پێک هێناوە. مزاری ئایینی ڕێژەیەکــی کەمێک زیاتر لە ناســیۆنالیزم لەخۆ دەگرێ کــە بریتییە لە ٢٠٪ (١٠٤٧) بابەتەکان و تیایدا لقی باپتیســتی ئایینزای پرۆتێســتانی مەســیحییەت ڕێــژەی (٤٥.٧٪) و، ئایینــزای ئۆرتۆدۆکــس (٢١.٤٪) کــۆی وتارەکانــی ئەم مزارە پێک دێنن. بەشــی هــەرە گرنگی بابەتی سامیزداتەکان بۆ مزاری سیاسەت تەرخان کراوە کە کــۆی ٦٢٪ (٣٢٤٨ بابەت) لەخۆ دەگرێ.[٣]

لــە هەمان کاتدا گفتوگۆ و ڕەخنەیەکی بەردەوام لە نێوان ســێ بەرەی سوسیالیست، دیموکرات و ناســیۆنالیزمی سلاڤۆفیل لە گۆڤارەکان بۆ ماوەی چوار دەیە لەئارادا بووە. بە باوەڕی سوسیالیستەکان ئایدیۆلۆژیی مارکسیزم - لێنینیزم هێشتا دەیتوانی ڕێگەچارەیەکی بــۆ دەربازبوون لــە قەیرانەکان هەبێ، بە مەرجێک لە ســتالینیزم ڕزگار بکرێ. ئەگەرچی لــە دوای ڕووداوەکانی بەهاری پراگی ١٩٦٨ و ســەرکووتی بیرۆکــەی "ڕووخســاری ئینسانیی سوســیالیزم"، زۆربەی لایەنگرانی ئەم بیرۆکەیە تووشــی ڕەشبینی بوون؛ پاش بەهاری پــراگ بەرەی دیموکراتــەکان زیاتر بەهێز بوون و لــە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیی دیموکراســیی لیبراڵــی ڕۆژئاواییی دەیانویســت سیســتەمێکی کۆمەڵایەتی سیاســی نوێ لە بلۆکی ڕۆژهەڵات دابمەزرێنن. یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم بەرەیە ڕەتکردنــەوەی خەون و ئایدیالەکانی سوسیالیســتەکان بوو؛ هەروەها ســلاڤۆفیلەکان دژایەتی کولتووری ئەورووپای ڕۆژئاوایان دەکرد.

ئــەو گۆڤارانەی کە لە چوارچێوەی بیرۆکەی بڵاوکــەرەوەی ســامیزداتدا دەردەچــوون لــە مزاری سیاســەتەوە بگرە تا بابەتە هونەرییەکان هەوڵیــان دەدا لە دەرەوەی ئــەو فکرە فەرمییە ڕێگەپێدراوانــەی کــە دامودەزگاکانی یەکیەتی ســۆڤییەت (هەروەها لە چێکێسلۆڤاکیان، پۆلەند و مەجارستان بانگەشەیان بۆ دەکردن)، چالاکی و بیرۆکــەی خۆیان پەرە پێ بدەن. لەڕاســتیدا ئەوان لە ڕێگەی فکری جیا و ئازاد و بەشــێوەی نافەرمــی بناغــەی ئایدیۆلۆژی زاڵیــان لەرزۆک دەکرد و دەبوونــە هەوێنی ئەو بزووتنەوانەی کە لە کۆمەڵگای مەدەنیدا ساز دەبوون و لە ئەنجامدا بەرەبــەرە بنەمایەکی فکری و شۆڕشــگێڕانەیان لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا ساز دەکرد.

## پێکهاتەی گۆڤاری تیشک

ئەگەرچی بیرۆکەی ســەرەتایی گۆڤاری تیشــک بۆ ساڵەکانی ١٣٤٦-١٣٤٧(١٩٦٧) دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەم گۆڤارە بەشــێوەی ڕێکوپێک لە ســاڵی ١٣٧٧ (١٩٩٨) چاپ و بــڵاو کراوەتەوە و تاکوو ســاڵی ١٣٩٨ (٢٠١٩) ســەرجەم پەنجا ژمارەی کەوتووەتە بەر دیدی خوێنەران. هەڵبەت ئەوەی

لەم وتارەدا گرنگی پێ دەدرێ شیکاری وەرزی نوێی گۆڤاری تیشکە کە لە ماوەی سێ ساڵدا (١٣٩٨-٢٠١٩/١٤٠٠-٢٠٢١) بەشێوەی وەرزنامە و ١٢ ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە (ژمارەی ٥١ تا ٦٢). هەر ژمارەیەکی گۆڤاری تیشک لە پێنج بەشی سەرەکی تیۆریی، شیکاری، وتووێژ، وەرگێران و هەڵسەنگاندنی کتێب پێکهاتووە و هەوڵ دراوە لە هەر ژمارەیەکدا تەوەرێکی سەرەکی بۆ وتارەکان تەرخان بکرێ. سەرەرای ئەم بەشانە، لە ژمارەی ٥٣ بەدواوە پاش وتاری سەرنووسەر، بەشێک بە ناوی "سەکۆ" دەبیندرێ کە بۆ وتاری کەسێکی شارەزا تەرخان کراوە تا لە دەرەوەی دەستەی نووسەران دەرفەتێک بۆ روانگەیەکی نووسەرێکی شارەزا برەخسێ کە لەسەر تەوەری سەرەکی بیرۆکەی خۆی بڵاو بکاتەوە.

ئەگەر ئاور لە دەستەی نووسەران و نووسەرانی گۆڤاری تیشک بدەینەوە بەروونی دەردەکەوێ کە چوار دەستە نووسەر زۆربەی نووسینەکانیان بەرهەم هێناوە: (١) نووسەر و وەرگێر بە ناوی خوازراو (٢) نووسەر و ئەو وەرگێرانەی لە دیاسپۆرا دەژین (٣) ئەو نووسەرانەی کە لە یەکێک لە حیزبەکانی رۆژهەڵات ئەندامن یا لایەنگرییان هەیە و لە باشووری کوردستان نیشتەجێن و (٤) نووسەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان کە زۆربەیان خەڵکی باشووری کوردستانن. دیارە دەستەی یەکەم و دووەم بەشی هەرە زۆری وتارەکانیان بەرهەم هێناوە. لە رووی لایەنی فیکری نووسەرانەوە ئەگەر گرێدراوەیی پێشتر و ئیستایان سەیر بکرێ (ئەوانەی کە بە ناوی خۆیانەوە نووسیویانە) دەکرێ بگووترێ لەوانەی لە دیاسپۆرا دەژین بەشێکیان ئەو ئاکادیمیسییەن و خوێنەوارانەن کە لە قۆناغێکی ژیانیاندا لەگەڵ یەکێک لە حیزبەکانی رۆژهەڵات و ئێران هاوکارییان هەبووە. هەر ئەم تایبەتمەندییە گۆڤاری تیشکی لە بۆڵتنێکی حیزبی دەرباز کردووە کە تەنیا یەک جۆرە بیرۆکەی تێدا بڵاو بکرێتەوە و لە هەمان کاتدا فرەرەنگییەکی سەرنجراکێشی پێوە دیارە. بەڵام ئایا دەکرێ گۆڤارێکی "شیکارانەی کۆمەڵایەتی – سیاسی" شەبەنگێکی فیکری لەخۆ بگرێ کە رەنگە لە سەرەنجی یەکەمدا لێک نزیک نەبن یا پێکناکۆک بێنە بەر چاو؟ هەوڵ بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە، منی بەرەو ئەوە برد کە بەوردی ناوەرۆکی هەر ژمارەیەکی گۆڤار شی بکەمەوە تا لەوە تێبگەم کە ئایا گۆڤاری تیشک پشتگیری لە ئایدیۆلۆژییەکی تایبەت دەکا یا نا.

بەر لەوەی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەم شی بکەمەوە، باشترە ئاورێک لەو شوێنانە بدەینەوە کە لە گۆڤاری تیشکدا بەروونی باس لە لایەنی فکری و ئایدیۆلۆژیی گۆڤار کراوە. لە دوو کورتەنووسینی سەر سایتی گۆڤاری تیشک دەکرێ هەندێک ئاماژەی گرنگ بدۆزینەوە. سەرەتا وەک مانیفیستێک لە لاپەرەی سەرەکی گۆڤاردا هاتووە: " لە سەردەمی گۆرانکارییە خێراکانی دنیای سیاسەت لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، پێویستە لە روانگەی نەتەوەیی و کوردایەتییەوە خوێندنەوە بۆ کێشەکانی کوردستان و ناوچەکە بکرێ. توێژینەوە لەسەر سیاسەتە درێژخایەنەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەکۆلۆنی گرتووە دەبێتە هۆی ئەوەی تێگەیشتنێکی وردترمان لە بەرژەوەندی نەتەوەیی هەبێ... هەر بۆیە، هەر شۆرشێک لە دەستپێکدا پێویستی بە تیۆرییەکی شۆرشگێرانە هەیە و پێمان وایە کوردایەتی هەوێنی شۆرشێکی فرەرەهەندە بۆ سەربەستی و رزگاریی تاکی کورد لە دۆخی بندەستی." لێرەدا بەروونی دەردەکەوێ کە سیاسەتی گۆڤار گرنگیدان بە پرسی کورد و کوردستان لەو لێنزە تیۆریکەوەیە کە لە لایەکەوە کوردستان وەکوو کۆلۆنی دەبینێ و لە لایەکی دیکەوە پێیوایە بۆ شۆرشی کوردایەتی پێویستە تیۆرێکی شۆرشگێرانە هەبێ. واتە دەستەی نووسەرانی گۆڤار پێیانوایە تیۆرییەکی شۆرشگێرانە دەتوانێ پێشمەرجێکی گرنگ بۆ گۆرینی کوردستان و رزگارکردنی لە دۆخی کۆلۆنیالیزم بێ.

گۆڤاری تیشک لە درێژەی کارەکانی خۆیدا

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ـەوە پرۆژەیەکی بۆ چاپی کتێب ڕاگەیاندووە کە لە پێناسەیدا هاتووە: "ئەو بەرهەمانەی کە لە چوارچێوەی ئەم پرۆژەیەدا چاپ دەبن، پەیوەندییان بە بواری لێکۆڵینەوە لەسەر کوردستان و هەروەها ئەو تیۆرییانەوە هەیە کە دەتوانن یارمەتیدەری بەهێزترکردنی ئایدیۆلۆژیی کوردایەتی و شیکردنەوەی پرسی نەتەوەیی لە کوردستان بن. بۆ پەرەپێدانی بیرۆکەی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە سیستەمی سوڵتە و هەروەها دیاریکردنی مێکانیزمەکانی کۆلۆنیالیزم، گۆڤاری تیشک سەبارەت بە سازکردنی دەرفەت بۆ توێژەران و وەرگێڕەکانی کوردستان و چاپی بەرهەمەکانیان خۆی بە بەرپرس دەزانێ." دیارە لێرەشدا پرۆژەکە مەبەستیەتی لە درێژەی بەشێک لەو ئامانجانەی کە لە گۆڤاردا دەستنیشان کراون لە لایەکەوە بەرەورووی سیستەمی سانسۆری وڵاتە کۆلۆنیالیستییەکانی کوردستان ببێتەوە و، لە لایەکی دیکەوە بەرەنگاری ئەو کۆلۆنیالیزمە ئاکادێمیکە ببێتەوە کە سیستەمی پەروەردەی ئێرانی بە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەپاندوویەتی و مەعریفەیەکی دژەکوردستانی تیایدا بەرهەم دێ.

## شیکاریی گۆڤاری تیشک

لە کۆی ئەو ١٢ ژمارەی کە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە ٣٨٢ وتار بڵاو بوونەتەوە (بڕوانە هێڵکاری ١). وتارەکان ئەگەرچی هەندێکجار ئاستی تیۆری و شیکاری جیایان هەیە بەڵام دەکرێ لە شەش دەستەدا پۆلینبەندییان بۆ بکرێ: زۆربەی وتارەکان لە دوو دەستەی تیۆریی/پەروەردەیی (١٢٥ وتار؛ ٣٢.٧٪) و سیاسی (١١٢ وتار، ٢٩.٣٪) جێیان دەبێتەوە. ئاشکرایە هەر جۆرە دەستەبەندییەک هەندێک کەموکوڕی هەیە، بەڵام من هەوڵمداوە بەپێی ئەو تەوەرانەی بۆ زۆربەی ژمارەکان تەرخان کراون (وەک مژاری ئیسلامی سیاسی، ژینگەی کوردستان و فێمینیزم) بەشێوەیەک دەستەکان ڕێک بخەم کە هەم توانای جیاکارییان تێدا بێ و هەم بتوانێ زیاتر ڕێڕەوی فیکری گۆڤار نیشان بدەن. لە دوای دوو دەستەی تیۆریی/پەروەردەیی و سیاسی هەر کام لەم دەستانە زۆرترین وتار لەخۆ دەگرن: فێمینیزم (٤١ وتار، ١٠.٧٪)، ئایینی (٣٦ وتار، ٩.٤٪)، زمان (٣٠ وتار، ٧.٨٪)، ژینگەیی (٢٤ وتار، ٦.٢٪) و چینایەتی (١۴ وتار، ٣.۶٪). شیکردنەوەی هەر کام لەم دەستانە و گرێدانیان بە تیۆریی کوردایەتییەوە زیاتر لە ئامانجەکانی گۆڤار نزیکمان دەکاتەوە.

لە هەمان کاتدا کە دوو بەشی تیۆریی/پەروەردەیی و سیاسی زیاتر لە ۶٠٪ گۆڤار پێک دێنن و ئەمە دەتوانێ پێناسەیەکی تایبەت بە گۆڤارێکی شیکاری ساز بکا، هەروەها دەکرێ پێنج دەستەکەی دیکە وەکوو تەواوکەری ئەو دوو دەستەیە سەیر بکرێن. کاتێک سەیری گۆڤارە جیهانییەکان دەکەین کە وەک گۆڤاری تیشک لە دەرەوەی پێوەرە جێگر و وشکەکانی ئاکادێمیادا چاپ دەبن، دەبینین کە چەترێکی گەورەتریان بۆ کۆکردنەوەی خوێنەران هەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پشتگیری لە ئایدیۆلۆژییەکی تایبەت دەکەن کە خاڵی گرێدانی وتارەکان پێکەوەیە و خوێنەران دەزانن کە بۆ نموونە خاڵە جیاوازییەکانی دوو گۆڤاری ئێکۆنۆمیست لەگەڵ گۆڤاری ژاکۆبێن لە پابەندبوون بە دوو ڕوانگەی جیاوازدایە. بەم گوێرەیە لە گۆڤاری ئێکۆنۆمیستدا ئەو وتارانە چاپ دەبن کە گرێدراوی ئایدیۆلۆژیی لیبراڵیزمی ئابووری و کۆمەڵایەتین، لە کاتێکدا گۆڤاری ژاکۆبێن پشتگیری لە چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەو وتارانە دەکا کە لەناو ئایدیۆلۆژیی سوسیالیزمی دێموکراتیک و مارکسیزمدا نووسراون. ئایا دەکرێ بەم ڕوونییە ئایدیۆلۆژییەکی دیاریکراو بۆ گۆڤاری تیشک دەستنیشان بکەین؟

هەر وەک لە ئامانجەکانی گۆڤاری تیشک و پرۆژەی کتێبی تیشکدا هاتووە گۆڤار دەیەوێ لە لایەکەوە پەرە بە بیری کوردایەتی بدا و لە لایەکەوە دژایەتی ئەو ئایدیۆلۆژییانە بکا کە لە ڕێگەیانەوە کوردستان داگیر کراوە. ئەو ئایدیۆلۆژییانە بەپێی

(١) دابەشکاریی بابەتیانە بۆ هەر ژمارەیەکی گۆڤاری تیشک ٢٠١٩-٢٠٢١




ڕەنگدانەوەیان لە گۆڤاردا بریتین لە ناسیۆنالیزمی ئێرانی، تورکی و عەرەبی. واتە گۆڤاری تیشک لە هەمان کاتدا کە دەیهەوێ میکانیزمەکانی سەرکوتکەری دەسەڵاتی دوژمنانی کوردستان نیشان بدا، هەروەها دەیەوێ ئاستی ڕەخنەگرتن تێپەڕێنێ و بەڕوونی باس لەوە بکا کە نوخبەی کوردستان چی دەوێ. بۆ تێگەشتن لەوەی کە کۆمەڵی ڕۆشنبیرانی کوردستان (نەک تەنیا نوخبەی سیاسی) چییان دەوێ، وا دیارە گۆڤار دەیەوێ هەوڵەکان لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای کوردایەتی ڕێک بخاتەوە. ئەم ئایدیۆلۆژیایە چ تایبەتمەندییەکی هەیە و ئایا دەکرێ بوترێ کە لەگەڵ تێگەشتنی باو لە کوردایەتی جیاوازی هەیە؟

بەشێوەی گشتی کاتێک باس لە کوردایەتی دەکرێ زۆربەی خەڵک و تەنانەت دوژمنانی کوردستان وەک ئایدیۆلۆژییەک دەیبینن کە خوازیاری ئەوەیە نەتەوەی کورد ڕزگاری ببێ. واتە دالی سەرەکیی ئەم ئایدیۆلۆژییە بۆ پرسی ستەمی نەتەوایەتی دەگەڕێتەوە. کوردایەتی هەوێنی خەباتێکی زیاتر سیاسییە کە دەیەوێ فۆرمێک لە سەروەری (وەکوو خودموختاری، فیدراڵی یا سەربەخۆیی) بۆ کورد دەستەبەر بکا. بەڵام کە سەیری گۆڤاری تیشک دەکەین سەرەڕای ئەوەی بەشێکی گرنگ بۆ پرسی سیاسی و هەروەها ڕەخنە لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ناسیۆنالیزمەکانی وڵاتانی کۆلۆنیالیستی کوردستان تەرخان کراوە، هەروەها گرنگی بە تیۆریزەکردنی دۆخی کۆلۆنیبوونی کوردستان دەدرێ، لەسەر چارەسەری سەربەخۆیی پێداگری دەکرێ و میکانیزمەکانی سەرکوت نیشاندانی دەدرێ.

بە سەرنجدان بە هێڵکاری (٢) دەبینین قورسایی بەشەکانی دیکە ئامانجی گۆڤار تیشک لە تیۆریی کوردایەتی زیاتر دەردەکەوێ. لەم خوێندنەوە نوێیەدا مرۆڤی کورد و کوردستان ڕزگار نابێ ئەگەر بیر لە جۆرەکانی دیکەی ستەم نەکرێتەوە. واتە ئەگەر لە تێگەیشتنی باودا کورد تەنیا لەبەر ئەوەی نەتەوەیەکی جیاواز لە فارس/ئێرانی، تورک و عەرەبە بۆیە دەچەوسێتەوە و ستەمی لێ دەکرێ، لەم تێگەیشتنە ڕادیکاڵە نوێیەدا باس لە جۆرەکانی دیکەی ستەم و چەوساندنەوەش دەکرێ. واتە بۆ ڕزگاری پێویستە کە ئاوڕ لە فۆرمەکانی دیکەی ستەمی جێندەری، ژینگەیی، چینایەتی، زمانی و ئایینیش بکرێتەوە. لەم ڕوانگەدا، بۆ نموونە "شەهلا" وەک ژنێکی پەیڕەوی ئایینی یارسان کە لە گاوارە دەژی و لەبەر بێئاوی زەوی و زارەکەیان وشک بووە و، پێش لەوەی خوێندن تەواو بکا شووی کردووە، تووشی ستەمێکی چەند لایەنە بووەتەوە. واتە ئەو وەکوو کورد لە مافەکانی پەروەردە بە زمانی کوردی بێبەش بووە، لە لایەن ناسنامەی ئێرانییەوە بەردەوام بەسووکی سەیر کراوە و دەرفەتی گونجاوی بۆ پێگەیشتن بۆ




(٢) دابەشکاریی بابەتیانەی کۆی ژمارەکانی گۆڤاری تیشک ٢٠١٩-٢٠٢١

نەڕەخساوە؛ ئایینەکەی لە لایەن ئایدیۆلۆژیی شیعەی ئێرانی بەڕەسمی نەناسراوە، هەر بۆیە لە مافە بنچینەییەکانی خۆی بێبەش کراوە و تەنانەت لە کۆمەڵگای کوردستانیشدا لە لایەن ئیسلامی سیاسییەوە هەڕەشەی پاکتاوکردنی لە سەرە؛ سیاسەتە کۆلۆنیالیستییەکانی ڕژێمی ئێران لە ئاست کوردستان بووەتە هۆی ئەوەی ئاوی چیاکانی زاگرۆس بۆ فەلاتی وشکی ئێران بگوازرێتەوە کە کێشەیەکی گەورەی بۆ هەموو خەڵکی ناوچەکە ساز کردووە؛ هەروەها چونکە لە چینی کرێکارە لە ئیمکانەکانی پەروەردە و ستانداردێکی ژیان بێبەش بووە. سەرچاوەکانی کوردستان لە لایەن سیستەمی کۆلۆنیالیستی ئێرانەوە تالان کراون و هێزی کاری کوردستان وەک کرێکار بۆ ئاوادانکردنەوەی شارە ناوەندییەکانی کوردستان کەڵکیان لێ وەرگیراوە؛ لە هەمان کاتیشدا شەهلا تەنیا لەبەر ژنبوونەکەی لە لایەن نەریتی پیاوسالارانەی کۆمەڵگای کوردستانەوە ستەمێکی بەردەوامی لێ کردووە. ئەگەر سەیری شەهلا بکەین وەک مرۆڤێکی ستەملێکراو دەبێ هەموو ژیانی لەگەڵ ئاکامە ڕەش و نەگریسەکانی چەندین جۆری ستەم دەستەویەخە بێ.

بەئاوڕدانەوە لە کێشەی شەهلا بۆمان دەردەکەوێ کە دەرکی نووسەران و ئامادەکارانی گۆڤاری تیشک ئەو تێگەیشتنە باوەی لە کوردایەتی تێپەڕاندووە کە چارەسەری کێشەکانی مرۆڤی کورد و کوردستانیان تەنیا لە چارەسەری پرسی نەتەوەییدا دەبینی. ئەم شێوە تێگەیشتنە نوێیە لە کوردایەتی، هەندێک ئیمکانی نوێ بۆ خەباتی کوردایەتی دەڕەخسێنێ کە بریتین لە: پێویست ناکا چیتر بەو کەسانەی هەست دەکەن لە لایەنی جێندەری، چینایەتی یا ژینگەیی و ئایینییەوە دەچەوسێنەوە بوترێ ئێوە نابێ باس لە پرسی خۆتان بکەن تا پرسی نەتەوەیی چارەسەر دەبێ؛ یا وا نیشان بدرێ کە پڕ ڕەنگ کردنەوەی هەر کام لەم پرسانە لاوازکردنی پرسی نەتەوەیی لێ دەکەوێتەوە. ئەم شێوە تێگەیشتنە تەنانەت ئەو هەلەی بۆ دەزگای سەرکوتی ڕژیمە کۆلۆنیالیستەکانی کوردستان ڕەخساندووە کە لە کوردستان پەرتەوازیی ساز بکەن و وا نیشانی بدەن کە لە لایەکەوە کوردایەتی نایهەوێ باس

لە کێشەیەکی دیکە جگە لە پرسی نەتەوەیی بکا، لە لایەکی دیکەشەوە چالاکانی بواری ژینگە یا فێمینیزم وا هەست بکەن چونکە لە لایەن بیری کوردایەتییەوە پشتگیری ناکرێن بۆ گەیشتن بە مافەکانی خۆیان پێویستە پەنا بۆ کەس یا لایەنێک لە نەتەوەی سەردەست ببەن. ئایدیۆلۆژیی کوردایەتی چونکە ناوەرۆکێکی دژەکۆلۆنیالیستی هەیە دەتوانێ چوارچێوەیەکی گوتاری[۴] هەبێ و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی لە کوردستان بەهێز بکا.

## دەرەنجام

لە روانگەی زاڵ بەسەر گۆڤاری تیشکدا، کوردایەتی ئایدیۆلۆژییەکی دژەکۆلۆنیالیستییە کە تیایدا بەرەورووی هەر جۆرە ستەمێک دەبێتەوە کە مرۆڤی کورد دەکاتە بندەست و خاکی کوردستانی لە رێگەوە داگیر دەکرێ. لە هەمان کاتدا کوردایەتی بە پرسەکانی دیکەی وەکوو چینایەتی، جێندەری، ژینگەیی و ئایینی جومگەبەندی کراوە و نرخەکانیان لەگەڵ پرسی نەتەوەیی هاوئاهەنگ بووە. بۆ نموونە، چیتر پێویست ناکا بە چالاکێکی بواری جێندەری بوترێ لەبەر چارەسەری پرسی نەتەوەیی پێویستە ئەو خواستەکانی خۆی سڕ بکا و بۆ قۆناغی دوایی رزگاریی کوردستان هەڵیگرێ. بەڵکوو لەم تێگەیشتنە نوێیەی کوردایەتیدا کە گۆڤاری تیشک پێداگری لەسەر دەکا و لەسەر بنەمای سیاسەتی ناسنامە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا راوەستاوە، هیچ دەستە و گرووپێک نایهەوێ داواکاری خۆی بۆ قۆناغێکی نادیار لە داهاتوودا بگوازێتەوە. دەبێ ئاماژەش بەوە بکرێ کە لێرەدا یەکگرتنەوەیەک ساز نابێ کە لە رێگەیەوە جیاوازییەکانی ناسنامە جۆراوجۆرەکان کاڵ ببنەوە یا بەشێکیان لە بەرژەوەندی بەشێکی دیکەیان بسڕدرێنەوە، بەڵکوو خواستە جیاکان کارلێکەرییەکی دینامکیان لەسەر یەک هەیە و هەر بۆیەش خەباتێکی فرەچەشن ساز دەبێ کە تیایدا هیچ کامیان باڵادەست نین. واتە خەباتی کوردایەتی دەیهەوێ لە رێگەی کردارێکی بەکۆمەڵەوە شۆڕشێکی دێموکراتیک بەرپا بکا کە دژ بە نابەرانبەرییە و لە رێگەیەوە خەڵکی کوردستان دەتوانن بەرەنگاری پەیوەندییەکانی ملکەچی ببنەوە.

ئایدیۆلۆژییە کوردایەتی دەیەوێ لەسەر ئەو خاڵە گرنگە پێداگر بێ کە جومگەبەندییەکەی دەکرێ لایەنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری هەبێ و لەم رێگەیەوە دەیەوێ خەباتێکی هێژمونیک لە کوردستان ساز بکا. ئایدیۆلۆژیای کوردایەتی سوژەیەک بەرهەم دەهێنێتەوە کە دژبەرایەتی سوژەی ئایدیۆلۆژیی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، تورکی و عەرەبی دەکا کە خوازیاری ئەوەن سوژەیەکی ملکەچی کورد بەرهەم بهێنن. کەواتە ئامانجی کوردایەتی گۆڕانی فۆرمی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە کە تیایدا سوژەی کوردی بندەست لە ناو پەیوەندییەکانی ملکەچیدا ساز دەبێ. دەتوانین بڵێین کوردایەتی هەڵگری هەوێنی شۆڕشێکی دێموکراتیکە و نوێنەرایەتی گوتارێک دەکا کە تیایدا کردەوەی شۆڕشگێرانە لەپێناو خەباتێکی دژ بە چەوساندنەوەیە و دەیەوێ بەرهەڵستی پەیوەندییەکانی ملکەچی بێتەوە. ملکەچییەک کە بەپێی دۆخێکی سروشتی ساز نەبووە، بەڵکوو بەرهەمی پەیوەندییەکی سەرکوتکەرانەی دوژمنە.

## سەرچاوەکان


Hyung-Min Joo. 2004. “Voices of freedom: Samizdat.” Europe-Asia Studies 56 (4): 572; Johnston, Gordon. 1999. “What is the the history of Samizdat?” Social History 24 (2): 122.

Darnton, Robert. 1990, The Kiss of Lamourette: Reflections in Cultural History (London: Norton), 107.

Joo, “Voices of freedom,” 573-74.

Sefa Dei, George J and Alireza Asgharzadeh. 2001. “The Power of Social Theory: The Anti-Colonial Discursive Framework.” The Journal of Educational Thought 35 (3): 297-323.